میهرەبانتر لە تۆ، باران چەشنی نەی دڵنەواییم دەکا

قاسم شێروانی

لەو ڕۆژەوەی
تۆ لە تەمومژ لوولت دام
لەو ئاگرە بێ ئامانەی مەرگ و تەنهاییت هەڵگێشام
لە سەر کەپکی ئەندێشەدا سڕت کردم
ڕەگەکانی ئەو ئومێدەت دایە بەر با
تامی ژیانت لێ گۆڕیم
من لەو سارای ناکامییە
دەسخەڕۆ و خاکەسار ماوم
کۆلکە دارێکم نەدیت بیکەم بەتەوتەم
لە دووریتا
ڕەنگی حەسرەتم گرتووە
لە کێڵگەیەکی تەریوی نێو وشکە ساڵ
تێنووترم
وێرانەیەکم لە نێوان ئاگر و بادا
دەستم بەتەڕایی هیچ کەنارێک ناگا
هەڵوەداو مەستی پێکی نیگایەکتم
هیچ مەستێ نەینۆشیبێ
عەوداڵی نمەی بارانێکم
هەرگیز هەرگیز بەسەر ڕۆحما نەباریبێ
بۆیە هێشتا
من پەیڕەوی ئایینی جەستەی تەڕی تۆم
ئەی نازدارتر لە ئەقاقیا
هەی ڕوون و قووڵتر لەزەریا
تۆ لە ئاگری پیرۆزی خواوەندەکانیت
یان لە زنەو زەمەندی پەلکەگیا
بەڵام ئیتر
کە لێرە نیت
نە ئارەنگی نەدیرێ دێ
نەکەرویشکەی کەزی و بسکان
نە چرپەو نووسکەی هەواڵێ
چەند ئەستەمە خەوی شەوگار
شەوگاری تار چۆن بەڕێ کەم لەسەر دڕکان
بەناچاری لەو سارایە

بوومەتە موریدی باران
چ خەوشێکە لێم تێکچووە
من تێناگەم تۆ تەڕتری یاخود باران
باران نم نم
تنۆک تنۆک دەمڕشێنێ
تۆ هەستێکی سڕو سەقەم
باران چک چک
دڵۆپ دڵۆپ ئاوم دەدا
تۆ دوورە پەیکەرێکی خوساو و سیخوار
باران چۆڕ چۆڕ
ڕێژنە ڕێژنە
دەمشێلێت و مەست و شەڵاڵ
تۆ سەنەمێک زوقم و سەقەر
باران پشک پشک
چۆڕاو چۆڕاو لە باوەشیا دەنوێمەوە
تۆ عەدەمێک شەختەو خوسار
باران خوڕ خوڕ
لێزمە لێزمە
هەست و حەزم دەکا ڕەباس
تۆ زریان و هەم تۆفان و هەم بەستەڵەک
باران تک تک
سێڵاو سێڵاو دەمشواتەوە
تۆش کوانوویەکی کوژاوەو
سارد و تەزیو
باران گوڕ گوڕ
زەنگۆڵ زەنگۆڵ تەڕم دەکا
وەک خۆی تەڕ تەڕ تا تلیسان
ئای چ تەسکینێکە باران
بۆ شاعیرێکی دڵ کوانوو
ئێسقان زوخاڵ
لەنێو نێڵەو گرفەی سووتان
چ بەهانەیەکی پیرۆزە تەڕبوون
بۆ عاشقێک تا ئەزەل مەفتوون
چ سرووتێکە هەڵوەرین
لە ژێر ڕێژگەی شەنگی باران
چ جیاوازییەک هەیە
لە نێوان بۆنی بەهەشت و
بۆنی مەمک و
بۆنی باران
کە تۆ لێرە نیت
باران دەکەم بە تەوتەم

بێ ماڵ و بێ چەتر و بێ کەپر
زگار و بێ ئەنواو ڕۆح پڕ سەبر
باران دەکەمە چراوگ
تا دەبمە پڕووشەو ئاورینگ
منی ناخودا، باران دەکەمە سەوڵ
تا دەگەم بە پەیژەی سەفا
باران دەکەمە سەنتوور
مەخموور بەفێنکایی نمە با
تا دەبمە سۆلافێک عیشق و
دەڕژێمە نێو دەربەندی فەنا
بەڵام دڵنیابە دڵنیا
بارانی هەموو ساڵەکان
ئاوی هەموو کووپەو کانی و
جۆگەو ڕووبار و دەریاو زەریاو ئۆقیانووس و چاڵەکان
ناتوانن وەک پێکی دوولێوی شەرابیت
تێنوێتی ڕۆحم بشکێنن
دووری و نزیکی هەر هەموو ئاوەکان
ناتوانن ڕۆحی گریاوم
لە ئومێدی دیدارێکت بڕەخێنن .

تلیسان:تەواو تەڕبوون بێ کەڵک کەوتن لە تەڕییان.
ئارەنگ: تروسکە .بریقە.
نەدیر: ئەو ئاگرەیە جاران لەسەر لووتکە بڵندەکان هەڵدەکرا بۆ ئاگادارکردنەوە، یان گەیاندنی هەواڵێک.
ڕەباس: تێر ئاو
زگار: خەفەتبار.
ناخودا: کەشتییەوان.

ئابی ٢٠١٣